شۆڕش
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
دەورەی دووهەم، ژمارە(٥٢). نیوەی دووهەمی ڕێبەندانی ١٣٨٤

# ترساندنی خەڵکی کوردستان، هەلپەرەستییەکی نەزۆک و بێ ئاکام

سالار پاشایی



لەو ماوەی رابردوودا چەند شەونامەیەك بە ناوی "امت حزب الله کردستان شاخه سنندج" و "هیئت شش نفره کفن پوشان مریوان"، بە رێژەیەکی زۆر لە شارەکانی سنە و مەریوان بڵاو کرانەوە و خراونەتە ناو ماڵی خەڵك و هەڕەشەی کوشتنی کردوّتە سەر کەسانێکی ناودار کە هەڵسووڕاوی بواری جۆربەجۆری ناو کۆمەڵگان، بە تایبەت بنەماڵەی چالاکانی سیاسی و پێشمەرگە و... هتد. ئەم شەونامانە کە سەرەتاکەی بە ئایەتی قورئانەوە دەستی پێکردووە، بە توندی هێرش و هەڕەشە دەکەن و مۆڵەتی دیاریکراویان بۆ ئەو کەسانە داناوە. پێدەچێ ئەم شەونامانە کە لە راستیدا هەڕەشەیەکە بۆ سەر گیان و ماڵی هاووڵاتیان، ئامانج و مەبەستی نەزۆکی زۆریان لەخۆ گرتبێ، هەر بۆیە لە هەل ومەرجێکی ئەوتۆدا جێگەی سەرنج و لێکدانەوەیە، بەڵام پێویستە پێشتر لەم بارەیەوە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە مەسەلەکە هەڵبسەنگێنین و هەوڵ بدەین هۆکارەکانی هاتنە ئارای ئەم جۆرە هەڵس و کەوتانە دەستنیشان بکەین:

لە راستیدا بارودۆخی سیاسی کوردستان پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و بایکۆتی هەمەلایەنەی ئەو دەوڵەتە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، قۆناغێکی نوێی تێپەڕاند و خەڵکی ئازادیخواز لە هەموو چین و توێژێك یەکگرتووانە پەیامی خۆیان بەرووی دەسەڵاتدارانی ملهوڕی ئێران دەربڕی. بێگومان وڵامێکی توندی سیاسی ئەوتۆ بۆ دەوڵەتی نوێی ئەحمەدی نژاد بە تایبەت و بۆ هەموو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە گشتی، مانایەکی وەک قورس و جیددی لە گەڵدابوو کە رژیم لە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی لێ نەدەکرد. هەر بۆیە زۆری نەخایاند کە کوشتنی بێرەحمانەی شوانەی سەید قادر لە

> **چالاکی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان کە دەمێک ساڵە لە بزووتنەوەی بەرینی سیاسی خەڵکی کوردستان بەشدارن و وەك نوێنەر و پاڵپشتی خەباتی خۆڕاگرانەی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش، هەم لە ئاستی نەتەوەیی و هەم لە ئاستی چینایەتیدا، دەوری کاریگەریان گێڕاوە و جێگە و پێگەی خۆیان راگرتووە**

مەهاباد بە مەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان وەك وڵامێکی توند لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە چوو. هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی نەیانزانی ئەم جارەش کردەوەی جینایەتکارانەی لەو چەشنە، چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە. زۆری پێنەچوو کردەوەی دژە ئینسانی رژیم لە مەهاباد ئاگرێکی وەهای نایەوە کە سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و دەسەڵاتی ناوەندی بە تەواوی راچڵەکاند. شانۆی شکۆداری خۆپیشاندان و بەرانبەرکێی خەڵك و لاوانی چاونەترس و ئازادیخواز لە دژی هێزی داگیرکەری رژیم، دەرگای مێژوویەکی نوێی بۆ بزووتنەوەی کوردستان کردەوە. کوشت و بڕی دڕندانەی لاوان و ژمارەیەك لە خەڵکی بێ تاوان و هەروەها دەستبەسەر کردنی کۆمەڵێکی زۆر لە خۆپیشاندەران، دژکردەوەیەکی نائینسانی و سەرکوتگەرانە بوو کە رژیم لەو پەڕی ترس وسەرلێشێواویی دا لە خۆی پێشاندا. رووداوەکانی هاوینی رابردووی شارەکانی کوردستان، بوو بە خاڵێکی گرینگ کە بارودۆخی سیاسی گشت ئێرانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە و هەروەها بووە هۆی دەنگدانەوەیەکی بەرچاو لە ئاستی جیهانیدا. زایەڵەی ئەم رووداوانە کە بە حەقیقەت لە ساڵانی رابردوودا بێ وێنە بووە، سەرجەم دام و دەزگاکانی سیخوڕی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناچار کرد بە خۆدا بچنەوە و لە ئاکامدا رق و تووڕەییان بەرامبەر بەو حەرەکەتە بنەڕەتیانە ئاوا دەربڕن.

ئەگەرچی ئەم بارودۆخە، داخستن و کۆنترۆڵی هەرچی زیاتری کەشی سیاسی کوردستانی بە شوێن خۆیدا هێنا، بەڵام لە مانگەکانی رابردوودا چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و.....، چ بە تاك و چ لە قەوارەی رێکخراوەی مەدەنیدا، بە هەر شێوەیەك بۆیان رەخسابێ چالاکی خۆیان بەرەو پێش بردووە، ئێستاش بەشێك لەم چالاکییانە سەرەڕای گرتن و لێدان و زیندانی کردنیان لە لایەن ئیتلاعات و دادگاکانی رژیمەوە بەردەوامن. ئەگەر لە روانگەیەکی گشتیترەوە مەسەلەکە لێکبدەینەوە، واقعییەت ئەوەیە کە ئەگەر شکستی یەکجارەکی رەوتی ناسراو بە ئیسلاحخوازی دەوڵەتی، پاش هەشت ساڵ بالاّ دەستی لە دەوڵەتدا، خەمۆکی و سەرلێشێوای سیاسی لە ئاستی سەراسەریدا و جۆرێك لە ناهومێدی و بێ هیوایی بۆ چالاکانی سیاسی و کومەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئەم رەوتە بەم شێوەیە لە کوردستان نەهاتە ئاراوە. جەماوەریی نەبوونی ئیسلاحخوازان و گەلێك هۆکاری دیکەی ناوەکی و دەرکی، بارودۆخی سیاسی کوردستانی بەم ئاقارەدا نەبرد و بڕۆزی و سەربزێوی سیاسی نێوخۆی کومەڵگای کوردستان، ئاراستەیەکی تری بۆ خۆی رەچاوکرد و هەنگاوەکان بەرەو چالاکی سیاسی سەربەخۆیانەتر و راستەقینەتر هەڵهێندران، کە ئاسۆی چارەنووسێکی روونتریان بۆ خۆیان دیاری کرد و بوو بە رەوتێکی خێراتر لەو هەلومەرجەدا.

لە لایەکیترەوە چالاکی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان کە دەمێك ساڵە لە بزووتنەوەی بەرینی سیاسی خەڵکی کوردستان بەشدارن و وەك نوێنەر و پاڵپشتی خەباتی خۆڕاگرانەی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش، هەم لە ئاستی نەتەوەیی و هەم لە ئاستی چینایەتیدا، دەوری کاریگەریان گێڕاوە و جێگە و پێگەی خۆیان راگرتووە. هەڵسووڕانی سیاسی، نیزامی و رێکخستن وراگەیاندنی ئەم حیزبانە، پتر لە هەموو شتێك دلگەرمی و ورەیەکی بەرزی بەخشیوە بە خەڵکی کوردستان و هاندەرێکی پتەو و قایم بووە بۆ خەبات لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی. دیارە مێژووی خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتدارێتی ئایینی لە ئێران بە شێوەیەکی خوێناوی و لە ژێر سەرکوتی سیستماتیکدا بەردەوام بووە و سەرەڕای دابڕانی کاتی و هەوراز و نشێوی ئەستەم، رێگای سەختی خۆی هەر بڕیوە و سەر لەنوێ هەستانەوە و کارامە بوونی لە خۆ پیشانداوە، هەروەها خەڵکی تێکۆشەری کوردستانیش لەگەل حیزبە سیاسییەکانی خۆیان هاوشان و هاو خەبات بوون. ئەمە، شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە دەسەڵاتی سەرکوتگەری زاڵ هەرگیز نەیتوانیوە بزووتنەوەکە بۆ هەمیشە کپ وبێ دەنگ و سەرکوتی بکات.

** راست لە وەها هەلومەرجێکدایە کە دەزگا سیخوڕی و سەرکوتگەرەکانی رژیم وەك ئیتلاعات و دادگاکان لە کوردستان لە ژێر ناوی جۆربەجۆری وەك "ئوممەتی حیزبولا" و "هەیئەتی شەش نەفەرەی کفن پۆشانی...." و زۆر ناوی بێ مانا و درێویتر، لە کاتێکدا کە زۆر رێگای سەرکوتگەرانە و دژە ئینسانیان لە دژی ئازادیخوازانی کوردستان گرتۆتە بەر، رێگای نووسین و بڵاوکردنەوەی شەونامە و هەڕەشە و گوڕەشە لە روناکبیران و چالاکانی سیاسی و بنەماڵەی پێشمەرگە دەگرنە بەر و بە شتێکی کاریگەر و بە سودی دەزانن. ئەو مەبەستانەی کە لە نێوەرۆکی ئەو شەونامانە و بە کەڵك وەرگرتن لە کۆمەڵێك خائین و خۆفرۆش و لە ئاکامی بڵاو کردنەوەیان دەیهەوێت ئامانجی دیاریکراو بپێکێت، شتێك نییە جگە لە هەوڵدان بۆ پێك هێنانی کەشی ترس و تۆقاندن و هەڕەشە بۆ سەرگیان وماڵی خەڵکی کوردستان بە گشتی و چالاکانی سیاسی بە تایبەت و لانیکەم هەوڵ بۆ دەرپەڕاندنیان لە وڵات. دەسەڵاتدارانی رژیم و نیهادە سیخوڕی و سەرکوتگەرەکانی، بە باشی دەزانن کە دەسەڵاتی نگریسیان تووشی قەیرانێکی بنەڕەتی هەمەلایەنە هاتووە و گوشاری نێونەتەویی و ریسوا بوون لە بەردەم بیروڕای جیهانی و هەروەها قەیرانی نێوخۆیی و سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە توندی دەستەویەخەیان بووە. هەست بەم مەترسییە لە کوردستان، پتر لە هەر شوێنێك بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە بە مەسەلەیەکی جیددی کە وەزارەتی ئیتلاعات و شورای ئەمنیەتی میللی لە سەروی هەمویانەوە، خستووەتە هەوڵی دارشتنی پرۆژەی ترساندن و توقاندن و سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە هەر رێگەیەکەوە.

رەنگە رێکخراوە سەرکوتگەرەکانی رژیم بۆ پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئەم فەزایە لە کوردستان دەست بدەنە کوشتنی کەسانێکی دیاریکراو، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە دەتوانێت ئەم پرۆژەیە بە سەرنجام بگەیەنێت؟ بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو فاکتەرێکی ناوەکی سیاسی وەك لە ئارادا بوونی بزووتنەوەی پان و بەرین و بە هێزی خەڵکی کوردستان، حیزبە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستانی و لە لایەکیترەوە، گوشاری دەرەکی و نێونەتەوەیی و ناوچەیی، ئەستەمە رژیم بتوانێت تەنانەت هەموو دەسەڵاتەکەیشی لە بەردەم گۆڕانێکی بنەڕەتی رزگار بکات، چ بگا بەوەی کە ئەم هەوڵە نەزۆکانەی لە دژی روونـاکبیران و چالاکانی سیاسی و خەڵك بە ئاکام بگەیەنێت. شك لەوەدا نیە کە کاتێك کوشتاری بێ بەزەییانە و جینایەت لە کوردستان بە درێژایی بیست و حەوت ساڵی رابردوو لە لایەن رژیمەوە نەبووە هۆی دارمان و تێکشکانی بزووتنەوەی کوردستان، ئیتر بڵاو کردنەوەی سەدان شەونامەی لەو چەشنەی کە تا ئێستا لە شارەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، هەرگیز نابێتە هۆی ترس ودڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکی تێکۆشەرو روناکبیران و ئازادیخوازان هەروەها هیچ ئاکامێکیشی بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم پرۆژە جینایەتکارانەیە لێناکەوێتەوە، هەر وەکوو پێشووتر ئەم جارەش ریسوایی و شکست دەبێتە دیاری بۆ دوژمنانی خەڵکی کوردستان.

## درێژەی هەواڵەکان

### مەهاباد

بە پێی هەواڵێك کە لە شاری مەهابادەوە بە دەنگی کۆمەڵە گەیشتووە، رۆژی شەممەی رابردوو، کوڕێك بە ناوی ئومێد ئەحمەدی، خەڵکی ئاوایی قەڵای رەسوول سیتی، لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان، لە چۆمی تەتەهودا خنکاوە و خەم و پەژارەی بۆ خانەوادەکەی بە جێهێشتووە. پاش دوو رۆژ گەڕان بە شوێن تەرمەکەیدا، سەرەنجام دەیدۆزنەوە و ئەسپەردەی دەکەن. ئێمە لە دەنگی کۆمەڵەوە، سەرەخۆشی لە خانەوادەی ناوبراو دەکەین و بەشداری خەمیانین.

### ١٨٠٠٠٠٠ منداڵ لە ئێران خەریکی کرێکارین

رێکخراوەی جیهانی کار لە هەشتا و حەوتەمین دانیشتنی خۆیدا رایگەیاند: ١٨٠٠٠٠٠ منداڵ لە ئێران کرێکاری دەکەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن: بە هۆی نەبوونی هێزی ئینسانی توانای لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتن بەم مەسەلەیەمان نییە. بەپێی یونیسێف: لە سەرەتای ساڵی رابردوو دا ٩/٢ منداڵان خەریکی کرێکارین و دەرفەتی چوون بۆ مەدرەسەیان نییە کە تەمەنی ئەم منداڵانە لە نێوان ٦ تا ١٤ ساڵ دایە. کار کردنی منداڵان رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زۆر بوونە و بە هەقدەستی کەم کە وڵام دەرەوەی ژیانی شیاوی ئینسان نییە و نەدانی ماف پێکهێنانی رێکخراوە و مانگرتن و ئێعتراز و نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی و بێکاری بووەتە هۆی دروووست بوونی دۆزەخێك لە سەر زەوی بۆ منداڵان و بنەماڵەکانیان. کار کردن و بێ ماف و ئازار دانی منداڵان لە دنیای سەرمایەداری دا شتێکی باوە و جیاوازی منداڵانی کاری ئێران لە گەڵ وڵاتانی دیکە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ یاسای داسەپێنراوی دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامی و رەنگدانەوەی ئەم یاسایانە لە سەر ژیانی پڕ لە ژانی ئەم منداڵانە.

### خۆکوژی ٢٨خوێندکار لە ماوەی ٤مانگی رابردودا

بە پێی هەواڵی هەواڵنێرییەکان : لە ماوەی ٤ مانگی رابردوودا ٢٨ خوێندکار لە زانکۆکانی ئێران دەستیان داوەتە خۆکوژی ، کە دوو کەسیان گیانیان لە دەست داوە. لەم ٢٨ کەسە ٧ کەسیان خوێندکاری کوڕ و ٢١ کەسیان خوێندکاری کچ بوون . گوشاری دەروونی و ماڵی هۆی سەرەکی خۆکوژی خوێندکارانە لە ئێران کە رژیمی ئیسلامی بە بەربەست کردنی کەش و هەوای زانکۆکان هۆکارێکی دیکە بۆ زیاد بونی رۆژ لە دوای رۆژی ئەم گوشارانە و پەرەسەندنی دیاردەی خۆ کوژی لە نێو خوێندکاراندا. کۆماری ئیسلامی نە تەنیا لە زانکۆکاندا بەڵکوو لە ئاست ژیانی تایبەتیش دا بە گوشاری جۆراو جۆر هۆکاری سەرەکییە بۆ سەر ژیانی کچان و کوڕانی لاو لە ئێران.

### هێڵی هەژاری لەئێران گەیشتە٣٠٠هەزارتمەن

بەپێی هەواڵی هەواڵنێرییەکان : بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئابووری مەجلیس رایگەیاندووە هێڵی هەژاری لە ئێران ٣٠٠هەزارتمەنە. ئەمە لە حاڵێکدایە زۆربەی کرێکاران لەئێران داهاتی مانگانەیان لەم بڕە پارە کە دیاری کراوە زۆر کەمترە. بەرپرسی کانونی بەرزی شورای کار لە ئێران لە وت و وێژ لەگەڵ هەواڵنێرییەکاندا وتی: دیاری کردنی لانی کەمی هەقدەستەکان بە پێی ماددەی ٤١ی یاسای کار، و هەروەها لە بڕگەی ٢ی ئەم ماددەیەدا هاتووە: دەبێ لانیکەمی حەقدەستەکان پێداویستیە سەرتاییەکانی خانەوادەیەك دابین بکات. بەڵام ئێستا هەقدەستەکان لەئێران، لانی کەمی پێداویستیەکانی خانەوادەیەکی کرێکاری دابین ناکات. ناوبراو هەروەها وتی: بەپێی ئەو بڕە پارەیە کە وەکوو هێڵی هەژاری دەست نیشان کراوە، زۆربەی کرێکارنی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

### ئامارێکی درووست سەبارەت بە گیرۆدەبوان بە ئەیدز لە بەردەست دا نییە

بە پێی ئەو ئامارانەی کە ناوەندەکانی رژیم سەبارەت بە گیرۆدەبوان بە ئەیدز بڵاوی کردووەتەوە ١١ هەزارو ٢٢١ کەس لە ئێران گیرۆدەی ئەم ویرووسەن. ئەم ناوەندانەی رژیم رایانگەیاندووە کە زۆربەی گیرۆدەبووان بە ویرووسی ئەیدز پیاوانن و زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە رێگای ئەوانەوە ئەم ویرووسە دەگوازرێتەوە گیرۆدەبوان بە مادده سڕ کەرەکانن. جێگای ئامۆژەیەکە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا هیچ جۆرە ئامارێکی لەم بوارە دا بڵاو نەکردۆتەوە. وەزارەتی بێهداشت و رێکخراوەی خوێنی رژیم ئامارگەلێکی جۆراوجۆر لە پێوەند بە گیرۆدەبوان بە ویرووسی ئەیدز بڵاو دەکەنەوە و ئەمە لە حاڵێك دایە ئاماری راستەقینە سەبارەت بە گیرۆدەبوان بە ئەیدز لەم ئامارانەی کە ناوەندەکانی رژیم بڵاوی دەکەنەوە زۆرترە.

### راگەیاندنی کۆمەڵێك لە نووسەران و شاعیران و لێکۆڵەرانی ئێرانی لە تاراوگەدا

لە بەشێك لەم راگەیاندنەدا هاتووە : سەرنج نەدان بە جینایەتەکانی رژیم و هەڵوێست نەگرتن لە بەرابەری دا دەستی فاشیستەکان بۆ جینایەت خولقاندن ئاوەڵا دەکا. ئێمە لە هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، خوازیارین دەنگی ئێمە بەو شێوە بگەیەننە گوێی هەموو خەڵکی جیهان. هەر بانگەوازێك کە یارمەتیدەری قوربانیانی سیاسەتی زۆر و سەرکوت وخەفەقان بێت، کۆتایی بە دەسەڵات و کۆنەپەرەستی رژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی دێنێت. کۆماری ئیسلامی ماوەیەکە شێوەیەکی تازەی لە سەرکوت و خەفەقانی گرتووەتە بەر و ماشێنی سەرکوتی رژیم دەورێکی تازەی گرتووەتە بەر تا بە هەر شێوەیەك دەنگی ئازادیخوازانە و حەقخوازانەی خەڵکی پێ کپ بکەن. ئێمە کۆمەڵێك لە نووسەران و شاعیران و لێکۆڵەرانی ئێرانی لە تاراوگە لە هەموو ئازادیخوازانی جیهان و رێکخراوەی داکوکی لە ماف مرۆڤ و ئیتحادیە سێنفیەکان و سەندیکا کرێکارییەکان داواکارین لەم بزووتنەوە ئازادیخوازانە لە بەرانبەر رژیمی کۆماری ئیسلامی پشتگیری بکەن .